# ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی سەرجادەی ڤیر ... مەریوان نەقشبەندی

- *فڵان سەرۆکی حزب لەبارەگای تایبەتی خۆی لەفڵان شوێن پێشوازی لە سکرتێری فڵان حزب کرد و لەدیدارێکی دۆستانەدا کەتەنها نیوسەعاتی خایاند ڕەوشی (ناوچەکەو جیهان) یان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، (بەوێنەوە) .
- *وەزیری وانێك لەگەڵ بەرێوەکانی وەزارەتەکەی کۆبۆوە و جەخت لەسەر زەرورەتی دەوامکردنی فەرمانبەران کرایەوە.
- *بەرپرسی لقی. . یان لێپرسراوی مەڵبەندی. . ، لەگەڵ ناوچەی. . یان لەگەڵ کۆمیتەی. . کۆبۆوە و جەخت لەسەر خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیان کرایەوە.
- *حزبی عەدالە و تەنمیەی تورکیا بریاریدا پەیوەندیەکانی لەگەڵ بزوتنەوەی حەماس ی فەلەستینی پتەوتر بکات و تاقمی ئیخوان موسلمینی میسر و هەیئەی عولەمای موسلمین لەرومادی پێشوازیان لەم هەنگاوەکرد.
- *هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی لە سەلاحەدین یان لەدوکان کۆبونەوە و بڕیاردرا لەکۆبوونەوەی داهاتودا مەسەلەی یەکگرتنەوەی ئیدارە یەکلایی بکەنەوە.

ئەمانە هەواڵی ڕۆژانەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردستانن و ئەگەر سەیری لاپەرەکانی ناوەوەی ڕۆژنامەکان و بەرنامەکانی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان بکەین ئەوا هەمووی لەسەر چالاکی و جموجوڵی بەرپرسانی حزبی و حکومیە کەبەدەگمەن لە لەجادەی ڤیر لادەدەن و هەموو ئەو چالاکیانەی لە تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بەدیار دەکەوێت ئیشی ڕۆژانەی خۆیانە و دەیکەنە منەت لەسەر بینەر و خوێنەری کورد. خۆ ئەگەر باس لە ئاوەدانکردنەوەی گوندێك یان کردنەوەی کارگەیەك یان هەر پرۆژەیەکی دیکە کرا، ئەوا حەتمەن دەبێت بەچاودێری و لەژێر ڕێنمایی و جەولە مەیدانیەکانی جەنابی وەزیر یان کاربەدەستانی حزب و حکومەتتدا بێت، ئەگەرنا پرۆژەکە کەس سوودی لێوەرناگرێت و دەبی جارێکی دیکە پەت و قردێلەی دیکە حازر بکەن تا مەعالی وەزیر بە خەدەم و حەشەم و جەماعەتی (اشهد و باللا) ەوە تەشریف بێنن و زومی کامێرا و لاپەرەی ڕۆژنامەکانی پی برازێننەوە.

من پێموایە ئێمەی کارمەند و ڕۆژنامەنووس و بەپرسی ڕاگەیاندن و بەرپرسی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبی و حکومی، هۆکاری ئەم ڕاگەیاندنە سلبی و بی کەڵکەین. چونکە ئەگەر ئێمە بە مەسئولەکانمان بڵێین: مامۆستا، گەورەم، قوربان. . ئەم جۆرە هەواڵانە جێگای بێزاری خەڵکن و خەڵکی کوردستان دەیەوی بزانێت ئەمساڵ ڕێژەی بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ و شوتی و تەماتەو خەیار و. . هتد، لەکوردستان چەند بووە و بۆچی دیراسەیەك نەکەین بزانین لەگەڵ ئەو هەموو میوە جوانەی کوردستاندا بۆچی میوە بێتام و ئێکسپایەرەکەی ئێران و سوریا و ناوەراست و باشوری عێراق گرانترە و جوتیار و خاوەن باخەکانی کوردستان لەگەرمەی بەرهەمی میوەدا، نیگەرانن لە قیمەت نەکردنی بەرهەمەکانیان، لەکام ڕۆژنامە و لەکام تەلەفزیۆندا جوتیارێك یان باخەوانێکی کوردستان کرایە میوان تا ئەم توێژە ماندونەناس و زەحمەتکێشە لە کێشە و خواستەکانیان بدوێن؟! دڵنیابن ئەگەر قسەی فەلسەفی سەر ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکانیش نەزانن، ئەوا خەڵکی تامەزرۆی قسەو بینینی ئەم جۆرە کەسانەیە، چونکە هەر بە عارەقی نێوچاوان و ڕەنجی ئەوان ئەم ئازادیەی کوردستان بەدیهاتوە و گوند و لادێکانی کوردستان بوون خۆیان کردبوە لانکەی

پێشمەرگەكانی كوردستان، هەر گوندنشینەكانیش تەحەدای ئەنفال و كاولكردن و برسێتی و دەربەدەریان كردوە، ئەگەر راگەیاندنی كوردی ببێتە سەكۆی (فەیلەسوف) كانی كوردستان و هەر بەشان و باڵی حزب و كردنەوەی تەلار و پارك و شاری خەونەكان و مەلەوانگە لەناو شارەكاندا هەڵبدات، ئەوا ئێمە ئەو خەڵكە لەدەست دەدەین كە لەرۆژانی تەنگانەدا فریامان كەوتوون و فریامان دەكەون،
ئەگەر گوند و گوندنشینەكانی كوردستانمان لەدەستدا، ئەوا كۆشكەكانی ناوشارەكانی كوردستان بەقەدەر ئەو كۆشكانە خۆش نین كە سەدامی دكتاتۆر دروستی كردن و تەنها بۆ ماوەیەك تیایاندا حەسایەوە..